# بازدان بۆ چیرۆکەکان –
# خوێندنەوە بەهێزە



CITY OF
TURKU

# پێشەکی

## خوێنەری ئازیز،

ئەم نامیلکەیە دانراوە لەسەر بنەمای پەیڕەونامەیەک کە بەرهەمهێنراوە لەلایەن دەرگا بکەوە بۆ پرۆژەی خوێندنەوە. پەیڕەونامەکە لەلایەن پێنج شارەوە گەشەی پێدراوە، گۆسەنبێرگ، برۆسڵ، بریستۆڵ، میلان وە تورکو، کە لەماوەی دووساڵدا دانراوە و خەرجی پرۆژەکە دابینکراوە لەلایەن ئیراسمۆس+ (+Erasmus). پەیڕەونامەکە بیرۆکە و زانیاری تێدایە بۆ باوانی (دایکان و باوکان) ی ئەورووپی و شارەزایان دەربارەی ئەوەی کە چۆن پاڵپشتی گەشەی زمانەوانی منداڵان بکرێت و وە چۆن بخرێنە نێو جیهانی ئەدەبی منداڵان. ئەم بابەتانەی خراونەتە ناو چیرۆکەکانی ئەم نامیلکەیە لە کلتور و کۆمەڵگەی فینلەندی وەرگیراون. نامیلکەکە ڕەنگدانەوەی بنەماکانی پەیڕەونامە بنەڕەتییەکەیە: 'دەنگی تۆ بەهێزترین دیارییە کە دەتوانی بە منداڵەکەتی بدەیت،' 'زمانی دڵت هەڵبژێرە،' 'هەموو ڕۆژێک، لە هەموو شوێنێکدا – چیرۆکەکانی خۆت بەخەڵکی بڵێ (شەیر بکە)،' 'ساتەکانی خوێندنەوە – باشترین ساتەکان' وە 'کردنەوەی دەرگا بۆ خوێندنەوە، دەرگات بەڕوودا دەکاتەوە بەرەو جیهان.' هەریەکێک لەم بەشانە دیدگایەکی نوێت بۆ دەکاتەوە لەسەر چیرۆکەکانی ژیانی منداڵان. سەرەڕای ئەمەش، هەر بەشێک بیرۆکە و ڕێگاکان پێشکەش دەکات بۆ چالاکییەکانی ئەو خێزانانەی کە منداڵیان هەیە، هەروەها بۆ شارەزایان لە پەروەردەی تەمەنی زووی منداڵاندا. هاوشانی پرۆژەی دەرگا بکەوە بۆ خوێندنەوە، ئەو لایەنانەی کە بەشداربوون لە ئەنجامدانی خستنەناوی بابەتەکانی چیرۆکەکانی نامیلکەکە بریتی بوون لە شاری تورکو، سێکتەری کلتور و پرۆژەی ئای کەی ئای (IKI). بەشداریکردنی چالاک لە پرۆژەی IKI بووەتە پرۆژەی لاوەکی زانکۆی تورکو (IKI-TARU). بەو هیوایەین کە ئەم نامیلکەیە ئیلهامبەخش بێت بۆ ئەو باوانانەی کە منداڵی بچوکیان هەیە، وە هەروەها بۆ ئەوانەشی کە کاردەکەن لەگەڵ منداڵان و خێزانەکان.

گرووپی کار

## پێکهاتەکان


پێشەکی 2
چیرۆک گێڕانەوە و بەشداری بنیادنانی ئەدەب 3
1. منداڵەکەت دەنگی تۆی خۆشدەوێت 4
2. زمانی دڵت هەڵبژێرە 6
3. چیرۆکەکانی خۆت شەیر بکە و گوێ لە کەسانی تر بگرە کە چیرۆکی خۆیان شەیر دەکەن. 8
4. ساتەکانی خوێندنەوە – باشترین ساتەکان 10
5. کردنەوەی دەرگا بۆ خوێندنەوە دەرگا دەکاتەوە بەڕووی جیهاندا 12
ببە هاوڕێ لەگەڵ چێژی خوێندنەوە(Joy of Reading). 14






# چیرۆک گێڕانەوە و بەشداری بنیادنانی ئەدەب

## چیرۆک گێڕانەوە و بەشداری بنیادنانی ئەدەب تێکەڵاوبوونە لە چەندین ڕێگاوە.

ئەدەبی (literature) منداڵان زۆرجار بەستراوەتەوە بە بیرۆکەی خوێندەواری. هەرچەندە مانای ئەدەب زۆر فراوانترە لە تەنیا خوێندەواری، بۆ نمونە سەرەتا پاڵنەری خوێندنەوە دێت و لەپێش هەموویانەوە لە شارەزاییەکانی واتاداری دێت. ئەدەب زانیاری دەدات بە منداڵان دەربارەی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگە، منداڵان ئارام دەکات و یارمەتییان دەدات بڕوا بەوەبکەن کە ئاستەنگەکان دەتوانرێ تێ بپەڕێنرێن و شتەکان بەرەو باشتر ببرێن. ئەدەب چێژبەخش و خەندەبەخش و هەستی جیاواز پیشان دەدات.

پەیوەندی ئەدەبی لکێنراو لەنێوان منداڵێک و گەورەیەک بنیادنراوە لەسەر خوێندنەوەی باو و ساتی ناخێرا وە گفتوگۆی باش. ساتی خوێندنەوە تەنیا بۆ منداڵ نییە. ئەمە هەروەها هەلێکە بۆ گەوران تا ئارام ببنەوە و منداڵ بناسن و پەیوەندییان لەگەڵ ببەستن و گوێیان لێ بگرن. هەندێکجار شتەکان زەحمەتە بخرێنە وشەکانەوە. ئەدەب وەکو پردێک وایە کاتێک شتێک هەیە ناتوانیت دەریببڕیت.

ئاوازێکی هاوبەش یارمەتیدەرە بۆ بنیادنانی ڕابردوویەکی هاوبەش و چیرۆکێکی هاوبەش. ئێمە هەموومان چیرۆکمان هەیە، چونکە ژیانمان لەسەر چیرۆکەکان دروستبوون. گرنگە کە ئەوە فێرببیت کە چیرۆکی ژیانت باس بکەیت و ئەوە تێبگەیت کە چۆن چارەسەرەکانت بایەخیان هەیە. دەکرێ چیرۆک گێڕانەوە لە کەسانی تر و ئەدەبەوە فێرببین.

هەندێکجار چیرۆک بریتیە لە گەشتی ڕۆژانە بۆ دوکان، هەندێکجاریش بریتیە لە چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش دەربارەی یەکەم ڕۆژی قوتابخانە. هەندێک لە چیرۆکەکان خەمبار و ترسناکن. لەم کاتانەدا، باشە کە ئەمەت گوێ لێبێت خەڵکانی تریش چیرۆکی هاوشێوەیان هەیە و ئەم چیرۆکانەش دەکرێ کۆتایی دڵخۆشکەریان هەبێت. چیرۆک گێڕانەوە بریتیە لەوەی کە بیرۆکەکانت وا لێبکەی ببینرێن. چیرۆکە جیاوازەکان ژیانێکی هاوبەش پێکدێنن. ئەم نامیلکەیە بیرۆکەت پێدەدات بۆ بنیادنانی چیرۆکی هاوبەش کاتێک بیرۆکەکانی خۆت تەواو دەبن یان تۆ پێویستیت بە شتێکی نوێ هەبێت.

ئەوەت لەیادبێت کە تەنانەت هەنگاوێکی بچوکیش گرنگە.
**هەنگاوە سەرەتاییەکان** شێوازێکی ئاسانە بۆ زیادکردنی چیرۆك لە ژیانی منداڵدا بەبێ گوێدانە ئاستی تەمەن.
ئاماژەکانی - **بازیك بەرەو پێش** گۆڕانکاری بۆ ئەو خێزانانە پێشکەش دەکەن کە پێشتر ئارەزووی خوێندنەویان لا دروست بووە.
بەشی - **بۆ پیشەگەران** تایبەتە بەو گەورەتەمەنانەی کە لەگەڵ منداڵاندا کار دەکەن.

# 1. منداڵەکەت دەنگی تۆی خۆشدەوێت

تێکەڵاوی (کارلێکی) زارەکی بنەمای گەشە و فێربوونی منداڵە. حاڵەتەکانی کارلێککردن سەرهەڵدەدات لە زۆرێک لە حاڵەتەکانی ڕۆژانەدا، ئەمەش پێویست بەمە ناکات پێشوەختە پلانی بۆ دابنرێت.
کارلێککردن هەندێکجار لەلایەن منداڵەکەوە دەبێت، هەندێکجاریش لەلایەن کەسانی گەورەوە دەستپێدەکات. پەیوەندییەکانی کارلێکی زوو متمانە بنیاد دەنێت لە خەڵکانی تردا و توانای کەسەکان خۆیانە بۆ خۆگونجاندن. حاڵەتێکی کارلێکی هێورکەرەوە، ئارامە و خێرا نییە. ئەو ساتە هاوبەشانەی کە بەسەر منداڵێکەوە دێت، بۆ داهاتوویەکی دوور دەمێنێتەوە. ئەوە گرنگە کە بە ڕاستی بوونت هەبێت.



## یەکەمین هەنگاوەکان

- یاری گفتوگۆکردن بکە لەگەڵ منداڵە ساواکە: گوێی بۆ بگرە و وەڵامی گڕوگاڵەکەی بدەوە.
- ئاوازەکان ڕێگەیەکی گەورەیە بۆ کارلێککردن. بۆ نمونە، دەتوانی هەندێ لە ئاوازەکانی یارییەکانی منداڵیت بەبیربێتەوە؟
- وشە بەکاربێنە بۆئەوەی بە منداڵەکە بڵێیت کە تۆ چی دەکەیت، وە چی ڕوودەدات یان چ هەستێکت هەیە. باسی ئەوە بکە کە دەیبینی و دەیبیستی و بۆنی دەکەیت. دوودڵ مەبە لەوەی کە ئایا منداڵەکە تێدەگات یان نا. ئەوان چێژ لە دەنگی تۆ وەردەگرن و پاشان وشەی نوێ فێردەبن.
- سەرەڕای ئاوازەکان، منداڵان پێیان خۆشە گوێیان لە گۆرانی گوتن بێت: گۆرانی منداڵان و لایلایە کردن یاخود گۆرانی خۆشی گەوران، چەندین جار لە ڕۆژێکدا گۆرانی پچڕ و ناتەواویان بۆ بڵێ.

## بازدانێک بۆ پێشەوە

- یارمەتی منداڵەکە بدە تا شتەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە لەڕێگەی ئاڕاستەکردنی پرسیاری کراوە، وە تۆ شتی هاوشێوە بەیەکەوە ببەستەوە. ئەمانەی خوارەوە نمونەی هەندێ پرسیاری باشن:
  - چی وای لێکردنی ئەمڕۆ پێبکەنیت؟
  - کێ لەتەنیشت تووە دانیشت لە نانی نیوەڕۆدا؟
  - دەتویست چ شتێک بگۆڕیت لە ڕۆژەکەتدا؟
- بەشداری لە یاری منداڵان بکە. گوێ لە منداڵەکە بگرە و داوای ڕێنماییەکانی لێبکە!
- بەدوای وێنەی پەیوەندیداردا بگەڕێ لە پەرتوکەکان و قسەیان دەربارەوە بکە. هەروەها وێنەکان دەکرێ لە شوێنی تردا بدۆزرێنەوە لە دەوروبەرتدا، وەکو گۆڤار و ڕێکلام و فۆتۆگرافەکان.
- زۆرێک لە کۆمەڵگەکان چالاکی جوانیان هەیە بۆ منداڵە بچوکەکان، بۆ نمونە لە پەرتوکخانەکان و قاوەخانە خێزانییەکان.

# یاری لەگەڵ منداڵەکە بکە

وای وای لەو هەورانە، دووبارە وا بارانە
هاوڕێکانم پێکەوە با ڕاکەینە ژوورەوە

دەی دەی لە ژوورەوە یاری دەس پێکەنەوە
دەی هەورەکان تکایە، دە ئێوە دوور کەونەوە

وای وای هاوڕێیان باران خۆشی کردەوە
هەورەکان ڕەوینەوە خۆری جوان دەرکەوتەوە

# 2. زمانی دڵت هەڵبژێرە

فێربوون و بەکارهێنانی زمانی ماڵەوە بنەمای فێربوونی زمانەکانی ترە. هەروەها دەوترێ کە زمانی ماڵەوە (زمانی دایک) زمانی هەست و بیرە. لەبەر ئەم هۆکارانە، گرنگە کە باوان زمانی ماڵەوەی خۆیان بەکاربێنن لەگەڵ منداڵەکە و منداڵەکە ڕێگەی پێدەدرێت بە هەمان زمان وەڵام بداتەوە. بەکارهێنانی دوو زمان و زیاتر لە دوو زمان توانای منداڵ فراوان دەکات بۆ فێربوونی هەموو جۆرە شتێک، بەڵام بەتایبەتی یارمەتیدەرە بۆ فێربوونی زمانی نوێ. بەکارهێنانی زمانی ماڵەوەی خۆت پاڵپشتی گەشەکردنی ئەرێنی ناسنامەی منداڵەکە دەکات و بایەخدانە بە کلتوری خۆیی.



## یەکەمین هەنگاوەکان

- شانازی بە زمانی خۆتەوە بکە وە هەرکاتێک گونجاوبوو بەکاری بهێنە.
- ئاواز و یارییەکانی منداڵەکەت بەکاربهێنە و شەیری بکە.
- دەتوانی چیرۆک بگێڕیتەوە بەهەر زمانێک بێت لە پەرتوکە وێنەییەکان.
- دەتوانی گوێ لە زمانی بیانی بگریت تەنانەت ئەگەر نەتوانی تێیان بگەیت. ئەمە شتێکی خۆشە کە بزانیت کە چەندین ڕێگا هەن کە هەمان شت بڵێیت و بینوسیت.

## بازدانێک بەرەو پێشەوە

- ساتی خۆشحاڵکەر بە منداڵەکەت بدە لە خوێندنەوە و گێڕانەوەی چیرۆک داوا لە هاوڕێ و خێزان بکە کە بەشداریت لەگەڵدا بکەن. مەرج نییە هەموو جارێک خۆت شت بخوێنیتەوە یان چیرۆک بگێڕیتەوە.
- چیرۆک و داستانی نەریتی کۆمەڵایەتی بگێڕەوە دەربارەی کلتوری خۆت بۆ منداڵەکەت.
- داوا لە پەرتوکخانە بکە کە ئایا پەرتوکی حەزلێکراوی منداڵەکەتی هەیە یاخود پەرتوکی تری هەیە بە زمانی خۆت.

## بۆ شارەزایان

- لە کاتی گروپی منداڵاندا، گرنگە کە گوێبیستی زمانی جیاواز ببیت و بیانبینیت، تەنانەت لە گروپی یەک زمانیشدا.
- هەموو زمانێک بە یەکسانی بەهاو نرخیان هەیە. پاڵپشتی منداڵەکە بکە کاتێک زمانی خۆی بەکاردەهێنێت بە پیشاندانی گرنگی، بۆ نمونە. منداڵەکە بە چ جۆرە زمانێک قسە دەکات لەگەڵ باوانی یان باپیرە و داپیرەی؟
- باوان دەتوانن بێن بۆ سەنتەری چاودێری ڕۆژ بۆ ئەوەی قسە بکەن دەربارەی زمانی خێزانەکەیان یان بۆ خوێندنەوەی داستانی نەریتی، یاخود بۆ تۆمارکردنی نمونەی زمانێک لە ماڵەوە.
- وا لە خزمەتگوزارییەکانی پەرتوکخانە بکە کە بەردەستبێت بۆ هەموو کەسێک. لە زۆرێک وڵاتاندا لەوانەیە خزمەتگوزارییەکانی پەرتوکخانە بە پارە بێت (کرێ)، بۆ نمونە.
- دانوستان لەگەڵ پەرتوکخانەی ناوچەکەت بکە دەربارەی هەڵبژاردەی پەرتوکی زمانی جۆراوجۆر

# پەرتوکە بێدەنگەکان چیرۆکەکانیان بە هەموو زمانەکان دەگێڕنەوە

پەرتوکە بێدەنگ و بێ نوسین و بێ قسەکان ئەو پەرتوکانەن کە چیرۆکەکان دەگێڕنەوە لەڕێگەی وێنەکانەوە. پەرتوکێکی بێدەنگ وەکو پەرتوکەکانی بۆردی بێ نوسین نین بۆ منداڵانی ساوا. وێنەکانی پەرتوکێکی بێدەنگ چیرۆکێکی ڕوون و ئاشکرا پێکدەهێنن. دەتوانی چیرۆکەکە وەربگێڕیت و بە زمانی خۆت بیگێڕیتەوە. بۆ نمونە، پەرتوکی وێنەیی سانا پێلیکسیۆنی ”Meidän piti lähteä (2018) پەرتوکێکی بێدەنگە.

# 3. چیرۆکەکانی خۆت شەیر بکە و گوێ لە کەسانی تر بگرە کە چیرۆکی خۆیان شەیر دەکەن.

چیرۆکەکان ژیان و ناسنامەی ئێمە پێکدەهێنن. ئێمە هەمیشە بە چیرۆکەکانی ڕۆژانە دەوردراوین. زۆرجاران فێربوونیش لەڕێگەی چیرۆکەکانەوە دەکرێن. بۆ منداڵان، چیرۆکەکان ڕێگایەکی کاریگەر و زۆرجارانیش تاکە ڕێگان بۆ تێگەیشتن و مامەڵە کردن لەگەڵ شتەکان. لەبەرئەوەی یادەوەرییەکانیش چیرۆکن، بۆیە ئەمانیش زۆر گرنگن بۆ ناسنامەی خۆمان. دەگوترێ کە ژیان چیرۆکێکە یان زنجیرەیەک چیرۆکە. لەڕێگەی چیرۆکەوە، منداڵان شتەکانی کۆمەڵگە پەیڕەودەکەن و قسە دەربارەی خۆیان و شتە پەیوەندیدارەکانی خۆیان دەکەن.
هەردوو جۆری چیرۆکی ڕاستەقینە و خەیاڵی گرنگن. بۆ منداڵان، ئەمانە بەنزیکەیی هەمان شتن.



## یەکەمین هەنگاوەکان

- بابەت و هەلی گێڕانەوەی چیرۆک لەهەموو شوێنێکدا هەن. بۆ نموونە، بە ڕووداوەکانی ڕۆژانە دەستپێبکە.
- چیرۆک بگێڕەوە دەربارەی ژیانی منداڵی خۆت یان کاتێک منداڵەکە بچوکتر بوو لە تەمەنی ئێستای.
- ئایا تێبینی ئەوەت کردووە کە هەموو کەلوپەلەکانی ناو ماڵ چیرۆکی خۆیان هەیە: لەکوێوە هاتوون، بۆچی بەکاردێن، چیت بە بیر دێننەوە؟
- گوێ لە منداڵەکە بگرە و هانیان بدە کە زیاترت پێبلێن. هەروەها دەتوانی چیرۆکی منداڵەکە تەواوبکەیت و هانیان بدەیت کە چیرۆکەکە دوای تۆ تەواوبکەن.
- پەرتوک لە ژینگەی ڕۆژانەی منداڵدا دابنێ و لێگەڕی با منداڵەکە یاری لەگەڵدا بکات.

## بازدانێک بەرەو پێشەوە

- بۆ منداڵ زۆرێک لە شتەکان وەکو یاری وان، وە بە ئاسانی دەتوانن بارودۆخ بخوڵقێنن لەڕێگەی یاریکردنەوە. هانی منداڵەکە بدە کە بەقسەکردن یارییەکەی بکات. هەروەها دەتوانی یاریکردنەکە بنوسیتەوە و پاشان بیخوێنیتەوە.
- چیرۆکەکانی خێزان کۆبکەوە و بیخوێنەوە: چیرۆکی ناوهێنانی منداڵەکە چییە، چی ڕوویدا کاتێک منداڵەکە لەدایکبوو، ڕۆژی یەکەمی منداڵەکە چۆن بوو یاخود کاتێک منداڵەکە یەکەمین وشەی دەربڕی.
- بۆ منداڵەکە بخوێنەوە. دەتوانی بەهەرشتێک کە لەماڵەکەدا دەیدۆزیتەوە دەستپێبکەیت: ڕەچەتە، بڵاوکراوەکانی ڕیکلام و ڕۆژنامەکان زۆر شتیان تیادایە.

## بۆ شارەزایان

- زۆرێک لە پەرتوکخانەکان دامەزراوەیان هەیە بۆ ڕێکخستنی ئێوارەی باوان. ئێوارەی باوان دەکرێ دەربارەی ناساندنی خزمەتگوزارییەکانی پەرتوکخانە بێت یاخود دەربارەی خوێندنەوەی پەرتوکی منداڵان بێت بۆ باوان.
- ساتی خوێندنەوەی لەبیرنەکراو بۆ باوان برەخسێنە، بۆ نموونە لەڕێگەی دروستکردنی ڕووداوی خەیاڵی لەگەڵ هەبوونی پاڵپشتی و چالاکییەکان.
- بیرۆکە بە باوان بدە دەربارەی ئەوەی کە چۆن چیرۆک دروست بکەن لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژ وە چۆن گفتوگۆبکەن لەسەر بنچینەی پەرتوکەکان.

# دارِشتنی چیرۆک

لە دارِشتنی چیرۆکدا، منداڵێک چیرۆکێک دەگێڕێتەوە و کەسێکی گەورە وشە بە وشە دەینوسێتەوە. کەسە گەورەکە ئاراستەی چیرۆکەکە ناکات، بەڵکو منداڵەکە بە ئازادی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە. پاش ئەوەی چیرۆکەکە گێردرایەوە، کەسە گەورەکە بە دەنگێکی بەرز چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە بۆ منداڵەکە و هەر ڕاستکردنەوەیەک کە منداڵەکە بیەوێت ئەنجامی دەدات. لەکۆتاییدا منداڵەکە دەتوانێ چیرۆکەکە ڕوونبکاتەوە. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دارِشتنی چیرۆک، بۆ نموونە سەردانی وێبسایتی منداڵان دەگێڕنەوە (Children Are Telling) بکە (Lapset kertovat ja toimivat ry)

# 4. ساتەکانی خوێندنەوە – باشترین ساتەکان

ساتەکانی خوێندنەوە پەیوەندی لەگەڵ منداڵەکەدا دەبەستێت و گرنگی و چێژی خوێندنەوەیە. حەز و خولیای منداڵ بۆ خوێندنەوە بەرزدەبێتەوە تەنانەت بەرلەوەی خۆیان توانای خوێندنەوەیان هەبێت، وە ئەمەش ئاسانترین شتە ئەگەر کاریگەری بخرێتە سەر هەڵوێستیان بەرەو خوێندنەوە لە تەمەنی زوودا. خولیای خوێندنەوە و پەرتوک گەشەی پێدەدرێت لەبەر چەندین هۆکار: ساتە چێژبەخشەکانی خوێندنەوە، دەستگەشتن بە کەلوپەلی سەرنجڕاکێش و هەمەجۆری خوێندنەوە، وە ئەو ڕێگایەی کە کەسێکی گەورە دەخوێنێتەوە و سەیری خوێندنەوە و ئەدەب دەکات. لەماوەی ساتەکانی خوێندەوەدا، تەنانەت منداڵانی بچوکیش چەندین شتی پەیوەست بە خوێندنەوە فێردەبن. بۆ نمونە، ئەوان دەستدەکەن بە تێگەیشتن لە مانای لاپەڕە هەڵدانەوە و نۆرەی خوێندنەوە، هەروەها پەیوەندی نێوان وێنەکان و تێکستەکان و تەنانەت پیت و وشەکانیش دەناسنەوە. گرنگترین شت لە ساتەکانی خوێندنەوەی هاوبەشی ئەوەیە کە ئەوان پێکەوەن و بەبێ هیچ پەلەپەلیەک هاوبەشی دەکەن لە بەسەربردنی کاتێکی سەرنجڕاکێش بەیەکەوە



## یەکەمین هەنگاوەکان

- هیچ ڕێگایەکی دروست نییە بۆ جێبەجێکردنی ساتی خوێندنەوە. ئامانجێک دیاری بکە کە دەگونجێت لەگەڵتدا. لەسەرەتادا، ساتی خوێندنەوە دەکرێ کورت بێت و پێنج خولەک بێت، یاخود دەتوانی بە چەندین ڕۆژ پەرتوکێک بخوێنیتەوە.
- ئارامبە کاتێک دەست بە ساتی خوێندنەوە دەکەیت. ئەمە هەروەها منداڵەکەش ئارام دەکاتەوە.
- بیر لە باشترین کات و شوێن بکەوە بۆ خێزانەکەت بۆ خوێندنەوە. ئەمە ئاسانترە ئەگەر ساتی خوێندنەوە ببێتە شتێکی ڕۆتین. بەر لە چوونە سەرجێگای خەوتن و لەناو پاس و لەکاتی دانیشتن لەسەر قادەی منداڵ و لەو کاتەی بێزاریت، ئەمانە باشترین کات و شوێنن بۆ ساتی خوێندنەوە؟
- ساتی خوێندنەوە دەکرێ تەنیا دەربارەی خوێندنەوە بێت یان لەوانەیە چالاکیشی تێدابێت. هەروەها پەرتوکەکانیش جیاوازن.

## بازدانێک بەرەو پێشەوە

- بیر لە ڕێگای جێگرەوە بکەوە بۆ ئەنجامدانی ساتی خوێندنەوە. بۆ نمونە، دەتوانی سوپرایز بکەیت و پەرتوکی دەنگی بە منداڵەکەت بدەیت و بەیەکەوە گوێی بۆ بگرن. زۆرێک لە منداڵان چێژ لە فیلمێک وەردەگرن کە لە پەرتوکێک وەرگیرابێت.
- هانی منداڵە گەورەکان بدە تا بۆ خوشک و برا بچووکەکانیان بخوێننەوە. ئەمە سوود بە هەردووکیان دەگەیەنێت.
- پەرتوکخانەکان کاتی ڕێکخراوی چیرۆک دابیندەکەن بۆ منداڵان و خێزانەکان.
- ئەو پەرتوکانەی خوێندووتەتەوە و ئەو شارەزاییانەی لە خوێندنەوە بەدەستت هێناون بیاننوسەوە.
- گفتوگۆ بکە لەگەڵ منداڵەکە دەربارەی پەرتوکە ویستراو و پەسەندەکانی و یارمەتیان بدە لەسەر هەڵبژاردنی پەرتوکی سەرنجڕاکێش. کات تەرخان بکە بۆئەوەی بەدوای پەرتوکدا بگەڕێیت.

## بۆ شارەزایان

- لە چاودێری ڕۆژدا ساتی خوێندنەوەی منداڵ بە باوان بڵێ: منداڵەکە حەزی لە چ جۆرە پەرتوکێکە و چ کاراکتەرێک دڵخۆشی دەکات.
- منداڵان دەتوانن یاری خوێندنەوە بکەن بە پەرتوکەکان کە لەلایەن گەورانەوە دەخوێنرێنەوە.
- سەردانیکردنەکانی خوێندنەوە لەلایەن منداڵانی قوتابخانە خۆشی بە هەمووان دەبەخشێت.
- چیرۆکێک کە لەلایەن کەسێکی گەورەوە دەخوێنرێتەوە دەکرێ کرداریشی تێدابێت. بۆ نمونە، دەکرێ ڕەزامەندیی لەسەر ئەوەی کە منداڵان پێیان لە زەوی دەدەن یان چەپڵە لێدەدەن کاتێک هەندێک لە وشەیان گوێ لێدەبێت.

# ڕەفەی پەرتوکی چیرۆکی پێش خەوتن

ڕەفەی پەرتوکی چیرۆکی پێش خەوتن کۆمەڵەیەک پەرتوکن دادەنرێن بۆ نمونە لە هۆڵی سەنتەری چاودێری ڕۆژ کە لەوێدا منداڵان دەتوانن پەرتوک بخوازن و لەماڵەوە بیخوێننەوە. منداڵان دەتوانن بەسەرهاتەکانی خوێندنەوە بۆ ڕۆژی دواتر شەیر بکەن کاتێک دەگەڕێنەوە ناو گروپەکە. ئەمەش ئاسانکار دەبێت و هاندەر دەبێت تا پەرتوکێکی تر هەڵبژێرن بۆ ئێوارەی دواتر. پەرتوکخانەکان دڵخۆشدەبن بە پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ دۆزینەوەی پەرتوکی گونجاو.

# 5. کردنەوەی دەرگا بۆ خوێندنەوە دەرگا دەکاتەوە بەڕووی جیهاندا

بۆ منداڵان، خوێندنەوە یان گوێگرتن بۆ پەرتوکێک، لەچەندین ڕێگاوە سوودیان پێدەگەیەنێت. چیرۆکە خەیاڵییەکان هاوڕێیەتی و پەیوەندی فێری منداڵان دەکات یاخود بیرۆکەی مامەڵەکردنیان پێدەدات لە بارودۆخە نوێیەکاندا. هاوسۆزبوون لەگەڵ شتە ناسراوەکان یارمەتی منداڵ دەدات بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکانی تردا و سۆز و بەزەییان زیاد دەکات. پەرتوکە ناخەیاڵییەکان منداڵان فێردەکات دەربارەی بۆشایی ئاسمان و ئۆتۆمبێلەکان و نان ئامادەکردن و بابەتی تری گرنگ لەلایان.

گوێگرتن بۆ چیرۆکە خەیاڵییەکان توانای منداڵان زیاد دەکات بۆ وەستان بەڕووی بارودۆخی ناسەلامەتی و ڕاهاتن لەگەڵ گۆڕانکاری. دوای خوێندنەوە یان گوێگرتن بۆ چیرۆکێک دەربارەی ئۆتۆمبێلێکی قسەکەر یان مرۆڤێکی ڕۆبۆتی، ئاستەنگەکانی ژیانی ڕاستەقینە بەبچووکی لایان بەدیاردەکەوێت.

لەباشترین حاڵەتدا، پەرتوکەکان کارامەیی خۆگەنجاندن بە منداڵان دەدات، توانایەک کە خۆڕاگربن بەرامبەر ناسەلامەتی و هەستەکانی خەمباری و خۆشی. پەرتوکەکان دڵنیایی و سوپرایز بە منداڵ دەدەن و سەلامەتی دابین دەکەن بۆ منداڵان.



## یەکەمین هەنگاوەکان

- ئەو پەرتوکانە بخوێنەوە کە بابەتەکانی گرنگن یان پەیوەستن بە منداڵەکەتەوە، وەکو چوون بۆ خەوتن، ڕاهێنانی قادەی منداڵ یاخود چاوەڕوانکردنی لەدایکبوونی خوشک و برای بچوک.
- گرنگی بە منداڵەکەت بدە لەماوەی ساتی خوێندنەوەدا. ئەو پەرتوکانەی کە گرنگن بۆ منداڵەکە شایەنی ئەوەن چەندین جار بیانخوێنیتەوە.
- لێگەڕی با منداڵەکە پەرتوکەکە هەڵبژێرێت لەو بژاردانەی کە تۆ هەڵتبژاردوون.

## بازدانێک بەرەو پێشەوە

- سەیرێکی ڕوونکردنەوەی پەرتوکەکان بکە و بیر لەو شتانە بکەوە کە لەلات ناسراون یان چ شتێک جیاوازە تیایاندا.
- ناوەناوە خوێندنەوە بوەستێنە و پرسیار لە منداڵەکە بکە کە چۆن چیرۆکەکە کۆتایی پێ دێت.
- بۆ نمونە، سەیری ئەدەبی منداڵان بکە و فۆلۆوی بلۆگی پەرتوکی منداڵان بکە.

## بۆ شارەزایان

- هەندێکجار باشترین شوێن بۆ خوێندنەوە ژێر مێزێکە، هەندێکجار وا چێژبەخشە ئەگەر بە دەنگێکی گاڵتەجاڕییەوە بخوێنیتەوە.
- بیر لەو ڕێگایانە بکەوە کە ئیلهام دەبەخشن بە منداڵان تا لە ماڵەوش بخوێننەوە: خوێندنەوەی پاسەپۆرت و ئەو پەرتوکانەی دەکرێ بە ئاسانی بخوازرێن لە چاودێری ڕۆژدا، یاخود خوێندنەوەی یاری نەرم کە سەردانی ماڵەکان دەکەن دەکرێ هانی منداڵان بدەن بۆ خوێندنەوە.
- لەدەرەوەی بازنە بیربکەوە و هاوکاری بکە لەگەڵ هاوکارانی دەرەوەدا. نمونەی ئەم هاوکارانە ئەمانە دەگرێتەوە، سەنتەرەکانی تەندروستی، کلینیکەکانی تەندروستی منداڵ، مۆزەخانەکان، هونەرمەندە ئەدەبییەکان، وە یانە وەرزشییەکان.

# خەیاڵ کردن گرینگە

بە خوێندنەوە دەتوانین دونیا بگۆڕین، چونکە خوێندنەوە گەشە دەدات بە توانای خەیاڵکردنمان و یارمەتیمان دەدات بۆ فراوانکردنەوەی بیرکردنەوەکانمان. ئەلبێرت ئەنشتاین وتوویەتی، خەیاڵکردن لە زانیاریش گرینگترە، چونکە بەهۆی خەیاڵکردنەوە دەتوانین خۆمان ئامادە بکەین و گەشە بەو شتانە بدەین کە هێشتا بەرەو ڕوویان نەبووینەتەوە یان زانیاریمان لەسەریان نیە. بە چوونە ناو ژیانی چیرۆکەکانەوە هەست بە جیهانی تەواو جیاواز دەکەین و گەشە بە بیرکردنەوەکانمان دەدەین. بێجگە لەوەش خوێندنەوە بۆ مێشك وەکو ئەوەیە کە بچیت بۆ هۆڵی وەرزش یان ڕاهێنانی جەستەیی بکەیت بۆ ماسولکەکانی تر. خوێندنەوە یارمەتیمان دەدات تێبینی ئەو شتانە بکەین کە لەم دونیایەی ئێستادا بکرێت بگۆڕدرێن و باوەڕمان پێ بهێنێت کە گۆڕانکاری مومکینە. لەلایەکی ترەوە بۆی هەیە کە خوێندنەوە یارمەتیدەر بێت بۆ لەبیرچوونەوەی خەم و پەژارەکانی ژیانی ڕۆژانە و یارمەتیدەر بێت بۆ بەرگەگرتن. هەروەها لەوانەیە لە چیرۆکەکاندا چارەسەر بدۆزرێتەوە بۆ چەندین گرفتی بچووك و گەورە. ئایا دەتزانی کە، زۆرێك لە داهێنەرەکان هەر لەبەر ئەم هۆیەی کە باس کرا چیرۆك و ئەدەبیاتی فانتاسیا دەخوێننەوە؟ چەند زیاتر بخوێنینەوە ئەوەندە چاوکراوەتر و نەرمتر دەبین.

# ببە هاوڕێی لەگەڵ چێژی خوێندنەوە (Joy of Reading).

جارێک لە جاران لە شوێنێکی دووردا، چێژی خوێندنەوە لەوێ دەژیا. لە بەیانیاندا، ملّچەملّچی دەهات لەسەر بۆردی پەرتوکەکان و تاوەری پەرتوکی دروست دەکرد. لەکاتی ڕۆژدا، چیرۆکی دەخوێندەوە، هەر پەرتوکێک خۆشتربوو لەوەی پێش خۆی، وە چووبووە ناو جیهانی شاژن و جنۆکە و کورتەباڵاکان. چێژی خوێندنەوە (The Joy of Reading) خۆشی لە خوێندنەوە وەرگرت بەڵام تامەزرۆی شتێکی زیاتر بوو. تامەزرۆی کەسێکبوو لەگەڵیدا بێت. چێژی خوێندنەوە دەیویست لەگەڵ کەسانی تردا قسەبکات دەربارەی ئەو بەسەرهاتانەی کە لە چیرۆکەکانیدا هەیبوون وە دەیویست چاوەکانی کەسانی تر ببینێت ڕووناک ببنەوە.

ڕۆژێکیان، چێژی خوێندنەوە خۆشەویسترین پەرتوکەکانی هەڵگرت و چیاکان و دارستانەکانی بڕی تا خەڵک بدۆزێتەوە. ئەو خەڵکی بینی لە نوسینگەی ڕەنگ ڕەساسیدا لەگەڵیاندا ڕاپۆرتی خوێندەوە، سەدان لاپەڕە لە ڕاپۆرتی خوێندەوە. چێژی خوێندنەوە هەستی بەوەکرد کە سەری خەریکە دەتەقێتەوە لەبەر ئەو هەموو زانیارییە. ئەم خەڵکانەش زۆر سەرقاڵبوون و نەیاندەتوانی کە گوێ بۆ چیرۆکەکانی چێژی خوێندنەوە (Joy of Reading) بگرن.

چێژی خوێندنەوە لە پەنجەرەکەدا چووە دەرەوە و بە شەقامەکاندا دەگەڕا و گەیشتە سەنتەری چاودێری ڕۆژ کە پڕبوو لە منداڵ. چێژی خوێندنەوە زۆر دڵخۆشبوو. ئەو هەموو توانایە: منداڵی دڵخۆش، منداڵی بێزار، منداڵی تووڕە، منداڵی لاسار! چێژی خوێندنەوە بەدەوریاندا دانیشت، سەیری ئەوانی کرد و لێکۆڵینەوەی کرد دەربارەی لووت و ڕوومەت و پەنجەکان و گوێچکەکانیان. لە کۆتاییدا، پەرتوکەکانی دەرهێنا.

لاپەڕەی باشترین و پەسەندترین پەرتوکی هەڵدایەوە، چیرۆکی بچوکی چرپاند، بەگوێچکەکانی منداڵاندا پێکەنی و چرپاندی و ڕۆچووە ناو داستانەکان. هێدی هێدی، تەنانەت چاوی تووڕەترین منداڵیش دەستی بە گەشانەوە کرد. چ جۆرە چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشبوون کە چێژی خوێندنەوە پێی گوتین! چ جۆرە وێنەیەکی گاڵتەئامێزی بە ئێمە پیشاندا! چێژی خوێندنەوە منداڵەکانی برد بۆ گەشتێک بەدەوری جیهانی خەیاڵیدا و سیحری خۆی بەکارهێنا.

کاتێک کارمەندی چاودێری ڕۆژ بانگی منداڵەکانی کرد بۆ خواردن و سەرخەو، چێژی خوێندنەوە لەگەڵ منداڵەکاندا ڕۆیشت. لەسەر مێزی ژەمی نیوەڕۆ بە دڵخۆشی گوێی لە گفتوگۆی منداڵەکان گرت دەربارەی کەرویشکەکان و دراگۆنەکان و ڕووداوە سەیرەکان. دوای ژەمەکە، منداڵەکان باوێشکیان لێهات بەڵام ڕەتیان کردەوە سەرخەو بکەن. چێژی خوێندنەوە داوای لە هەمووان کرد کە پاڵکەون و پشوو بدەن و دەست بکەن بە وتنەوەی چیرۆکی بچوکترین فیلە زەبەلاحەکەی جیهان. ئەمە ئارامی بەخشی بە منداڵەکان بۆ خەوێکی شیرین. ئەویش لەپاڵ ئەواندا خەوت و پشووی وەرگرت و دڵی ئۆقرەی گرت. چێژی خوێندنەوە گەڕایەوە ماڵەوە.



Ministry of Education and Culture

IKI TARU

UNIVERSITY OF TURKU

Erasmus+

**Hop into Stories** Publisher City of Turku, Yliopistonkatu 27, FI-20100 Turku, Finland
**Workgroup** Juli-Anna Aerila, University of Turku • Sanna Hernelahti, Leena Hiltunen and Laura Luukkonen, City of Turku
**Graphic design** Mainostoimisto KMG Turku

CITY OF TURKU